## هاوڕێم ....
# لەداخی پەڕلەمان جگەرەیەك داگیرسێنە*

**نەبەز گۆران**
Nabaz.goran@yahoo.com

دونیای پەڕلەمانی کوردستان دونیای شتە بچوکەکانە، دونیایەکە ناتوانێت مامەڵەلەگەڵ کێشە گەورەکاندا بکات ، دونیایەکە وەزیفە قورسەکان لەسەرشانی خۆی لابردوەو خۆی سەرقاڵکردوە بە شتە بچوکانەوە، پەڕلەمان تەنها شوێنی تێپەڕینی یاساکان نییە، دەکرێت پەرلەمان ئەو شوێنە گەورەیە بێت سیاسیەتی لێ بەرهەم دەهێنرێت، بەلاّم ئەم پەرلەمانەی ئێمە چونکە شوناسەکەی لەرێگەی هەڵبژاردنێکی راستگۆیانەوە وەرنەگرتوە، وحزب کارەکتەرەکانی دیاری کردوە، ناچار دەبێت دەست بۆ ئەو دیاردە بچوکانە ببات کە حزب دەیداتێ، کاتێك شوناسی پەڕلەمان کەوتە دەست کۆمەڵێك کارەکتەری مەکتەب سیاسیەکانی حزب ئیدی بەرەو ئەو ئاراستەیەی دەبەن پڕە لەشتی بچوك.

یەکێکی تر لەکێشەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە، لەکاتی تەنگەژەکاندا کۆدەبێتەوە نەك بۆ گۆڕینی ئاستی گوتاری کوردی یان گۆڕینی ئاستی سیاسەتی کورد، بەڵکو بۆهەڵوێست وەرگرتن، ڕاستیەکەی وەزیفەی پەرلەمان ئەوەیە کاتێك لەتەنگەژەیەکدا کۆدەبێتەوە گرنگە بەجۆرێك مامەڵە بکات گوتاری سیاسی کورد لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکی دی بگۆڕێت نەك هەڵوێست وەربگرێت، چونکە وەرگرتنی هەڵوێست کاری رێکخراو سەندیکاکانە نەك کاری پەڕلەمان، پەڕلەمان جگە لەوەی مەکانێکی یاساییە، عەقڵی سیاسی وڵاتیشە, بەلاّم پەرلەمانی کوردستان ئەمانەی لەخۆی تاراندوەو وەك ڕێکخراوێك مامەڵە لەگەڵ کێشە سیاسیەکاندادەکات و بەردەوامیش لەدوای گەمەکانەوە دێت بیردەکاتەوە، غیابی پەرلەمان لەناو سیاسەتدا گەورەترین ئیشکالە کە هێشتا پەرلەمان دەرکی پێناکات، پێی وایە کۆبونەوە لەسەر هەڵوێست وەرگرتن دەرکەوتەیە لەناو سیاسەتدا بەبێ ئەوەی رۆژێك لەرۆژان لەخۆی پرسیبێت ئایا من وەك پەرلەمان هەرگیز توانیومە گوتارێکی سیاسی کورد بگۆڕم ؟ یان ئەرکی من ئەوەبوە گوتارە حزبیەکان بکەمەوە گوتاری یاسایی و وێنەیەکی جدیان بدەمێ؟ هەرگیز پەرلەمان ئەم پرسیارانە لەخۆی ناکات و خۆشی ناخاتە ناو دونیا گەورەکانەوە، وەك منداڵێك هەرخەریکی دنیابچوکەکەی خۆیەتی و ئاستی بینینی تائەو شوێنەیە کە چاوە بچوکەکانی دەیان بینێت.

یەکێك لە دیارترین دونیا بچوکەکانی پەرلەمان ئەوەیە، لەم کاتانەی کە فایلی کەرکوك کۆتایی هات و هەمووجارێکیش سەرۆکایەتی پەرلەمان هاواری دەکرد کەرکوك لەگیرفانماندایە پەرلەمان بیرلەجگەرە دەکاتەوە!!!، لەبری فایلی سوپای تورکیا، فایلی پەکەکە، فایلی گەندەڵی، فایلی بودجە، لەبری ئەم هەموو فایلانە پەرلەمان دێت فێری ئەتەکێتی جگەرەکێشانمان دەکات!!! کە ئەم حاڵەتە ئەسڵەن پێویستی بەپەڕلەمان نەدەکرد، بەڵکو بەیەك بڕیاری وەزارەتی تەندورستی کۆتایی پێدەهات، ئەوە تەنها جگەرە نیە ژینگەی ئەم وڵاتەی پیسکردوە، ئەوەی گەندەڵی دەیکات بۆ تێکشکانی ڕۆحی کورد لەم وڵاتەدا جگەرە نایکات، بەلاّم پەڕلەمان دەست بۆ ئەم فایلەنابات چونکە فایلێکی گەورەیەو لەدنیا بچوکەکەی ئەودا ڕێگەی نابێتەوە!! لەناو

ئەم هەموو فایلەگەورانەشدا دەست بردن بۆفایلی جگەرە خۆڕزگارکردنە لەکۆمەڵێك بەپرسیاریەتی کە پەرلەمان ناتوانێت بیانخاتە سەرشانی خۆی، بۆیە شانەکانی تەنها فایلەبچوکەکان هەڵدەگرێت، مەسەلەی مەترسی جگەرە پێویست بەوتن ناکات، لەسەر هەموو پاکەتێکی جگەرە خودی مەترسیەکانیشی نووسراون، ئیدی پەرلەمان بیانڵێت یان نە هەمووومان دەیانزانین، بەدبەختیە کە کۆمەڵێك ئەندام پەرلەمان هەن جگەرە دەکێشن کەچی بۆ پرۆژەیاسای جگەرە دانیشتون دەست بەرزدەکەنەوە، ئاخر پەرلەمانتارێك هێشات خۆی یەکلای نەکردبێتەوە لە گەڵ ئارەزوەکانی خۆیدا و نەتوانێت جگەرەکەی دەستی خۆی فڕێبدات کارێکی عەیبەیە دێت باس لەیاسای جگەرە دەکات؟ پەرلەمانتارێك هەردوای بڕیاردانی یاساکە  دەست بکات بەجگەرەکێشان چاوەڕێی ئەوەی لێدەرکێت بیرکردنەوەیەکی هەبێت بۆ کێشەگەروەکان کەخۆی کێشەیی هەیە لەگەڵ ئارەزوەکانی و لەگەڵ بڕیارەکانی؟ ئایا جگەرەکێشان ژینگە پیس دەکات یان ئەو پەڕلەمانتارەی نایەڵێت ژن لەتەنیشتیەوە دانیشێت؟ لەبری جگەرە پەلەمان بیرلەئەندامەکانی خۆی بکاتەوە باشترنیە؟! پەڕلەمانتارێك نەتوانێت لەسەرئاوازی خۆی بخوێنێت و بەیەك کۆبونەوەی مەکتەب سیاسی رەنگەکان و بڕیارەکانی بۆدەست نیشان بکەن دەبێتە پەرلەمانتارێك تواناي گۆڕینی گوتارەکانی هەبێت؟ پەرلەمانتارێك کەهێشتا لەژێرسێبەری مەکتەب سیاسیدا بیردەکاتەوە دەتوانێت ببێتە نوێنەری خەڵك؟ ئەمانە هەموو ئەو دەردە گرانانەن پەڕلەمانیان داگیرکردوە، هەربۆیە ناتوانێت هەنگاو بنێت بۆ شتەگەروەکان, ناچار لەناو ئەم هەموو تەنگەژانەدا خۆی بەجگەرەکێشانەوە سەرقاڵ دەکات، هەرکاتێکیش  بیەوێت خۆی دەرخات وەك سەندیکایەك خۆی دەردەخات نەك وەك پەرلەمان ، چونکە هەموو خۆدەرخستنێکی پەرلەمان لەهەڵوێستێك زیاترنیە!! هەر  وەك ئەومنداڵە بچوکەی لە دونیاکەی  خۆیدا شتێکی لێ ونبێت بۆخۆدەرخستن دەست دەکات بەخرنواندن ، پەرلەمانیش هەمان حاڵەت دووبارە دەکاتەوە, بۆیە دونیای پەرلەمان بچوکە، کاتێکیش کەناتوانێت لەو دونیا بچوکە خۆی قوتاربکات ناچاردەبێت بەدیاریەوە دانیشین لەداخا جگەرە بکێشین.

- ناونیشانی ئەم وتارە لەئیحای گۆرانیەکی دیاری قەرەداغیەوە وەرگیراوە.